# که دەمامکەکان دائەماڵێن

## بەشی حەڤدە

حەمەڕەشید هەرەس

Hemereshid.heres@yahoo.ca

- ئیسلامی سیاسی بە ئەی رەقیب تووڕە ئەبن. یەک ئامۆژگارییان ئەکەم: واز لەو تووڕە بوونە بهێنن، چونکە ئەگەر مناڵە وردکەی شارەکانی کوردستان بەمە بزانن بە ئەی رەقیبەوە ئەکەونە شوێنیان تا نیوەیان شێت نەکەن واز ناهێنن.
- ئەڵێن گوایە ئەی رەقیب لە کلتووری کوردەوە دوورە و باسی میدیا و کەیخەسرەو ئەکات، منیش ئەڵێم خۆ میدیا و کەیخەسرەو کەلتووری کوردە و هەموو کورد تێی ئەگات، بەڵام لە هەزارەها یەک کورد نازانێت قورئانی پیرۆز بە راستی بخوێنێتەوە چجای ئەوەی لە ملیۆنێکدا دە کەس نازانێت بە تەواوی ئەڵێت چی، بە زۆربەی مەلاکانیش خۆیانەوە.
- دیسانەوە ئەڵێن ئەی رەقیب کفری تیایە و ئەڵێت: (دینمان ئاینمانە نیشتمان). ئەی خۆیشتان نەتان وتوە: (خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە) ؟ کەواتە ئیمانی منیش نیشتمانە. ئەوەش ئەزانم ئێوە مەبەستتان لە نیشتمانی عەرەبە، ئا لێرەدا منی تیا نیم.
- ئەشڵێن کوردوستان هەمە نەتەوەیەو ئاین و کۆمەڵگای جیاوازی تیایە، ئەی رەقیب ئاماژەی تیا نیە بۆ ئەوانە. منیش ئەڵێم: هەر کەسێک لەسەر خاکی کورد بژی ئەگەر کوردیش نەبێت، ئەبێت کوردوستانی بێت، ئەی لەو هەموو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیانەدا، نەتەوە و ئاینی جیاواز نیە کە لە زۆربەیاندا وڵاتەکە هی خۆشیان بوو عەرەب بە ناوی ئیسلامەوە داگیری کردن و، ئێستا هەر هەموو سروودە نیشتمانیەکانیان، خزمەتی شۆڤێنیەتی عەرەب ئەکات؟
- چوار ساڵ پێش ئێستا لە ژێر ناونیشانی ( بۆ لە کۆڵ ئەی رەقیب نابنەوە) بابەتێکم بڵاو کردەوە. ئێستا کە لە هەواڵەکانەوە زانیم پەرلەمانی کوردستان بۆ بە فەرمی کردنی ئەو سروودە دا ئەنیشێت، کاتی خۆیەتی هەندێک پەرەگرافی ئەو بابەتە لە ئارشیڤەکەمەوە بخەمە ئێرە فەرموون:

- ماوەی ساڵێک زیاترە ژمارەیەک گەجەر و گوجەر لە سروودی ئەی رەقیب ئاڵاون، ئەیانەوێت لەبەر چاوی کوردی بخەن و لە پیرۆزی کەمکەنەوە و لەناو دڵی نەتەوەکەمدا رەشیبکەنەوە. ئیتر هەندێکیان بە کەوا و سەڵتەوە، هەندێکیان بە کڵاو و جامانەوە و هەندێکیشیان ئەفەنی فەردە.
- لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی وڵاتی کورد سروودی ئەی رەقیب لێدرا سەیرمکرد هەموو بە رێزەوە هەستانە سەر پێ، کەچی یەک دوانێکیان پان بووبوونەوە و نقەیان لە خۆیان بڕیبوو، پێیان ئەغز بوو بۆ ئەی رەقیب هەستنە سەر پێ، دوای ئەوە لە هەندێک سەرچاوەوە ئاگادار بووم، هەندێک مەلای پاتەخۆر بە دنەی دوژمنانی کورد و پشت بەستن بە فەلسەفەی مەولا یا سەللی ئەیانەوێت لە پیرۆزی ئەو سروودە کەمکەنەوە و زیندە بەچاڵی کەن.
- دەبا لێرەدا نوکتەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە.
- لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا لە لەندەنی بەریتانیا بەندە ئەندامی لێژنەی ئامادەیی بووم و وتەبێژی کۆنگرەکەش بووم، کاتی دەستپێکردنی کۆنگرەکە بە هۆنراوەیەکی نەتەوەیی مامۆستا هێمن دەستم پێکرد. لە کاتی پشوودا مەلایەک (دکتۆر موزەفەر

بەرتوما) هاتە لامەوە وتی کاک حەمەڕەشی زۆر لێهاتوانە کۆنگرەکە ئەبەیت بە ڕێوە بەڵام خۆزگە بە بیسمیللا دەستت پێبکردایە. مامۆستام جەمال نەبەز لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، سەری لە سەرم نزیک خستەوە فەرمووی: پێی بڵێ خۆ گا سەر نابڕین.

- ئاخر مەلا خۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، نە تەراویحە نە گا سەربڕین، پەرلەمانی نەتەوەیەکە و سروودی نەتەوەیی لێ ئەدرێت، ئیتر هەڵئەسیت، هەڵناسیت چاوت چەرموو ئەبوو، کە شەکراویش دژی ئەو سروودە هەڵئەقورێنن، وای فڕکەن دەور و پشت ئەوگار نەبێت.
- ساڵی1980 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە سروودی ئەی ڕەقیب قەدەغە کراو، هەرکەس بیوتایە بێسەروشوێن ئەکرا، ئەوکاتە بەندە مامۆستای قوتابخانەی سەرشەقام بووم، پێش قەدەغەکردنی هەفتەی جارێک لە ریزدا ئەووترا، بەڵام کە قەدەغەیانکرد من هەموو هەفتەیەک سێ جار قوتابیانم ریز ئەکرد و دوو جار ئەو سروودەم پێ دوو بارە ئەکردنەوە و خۆشم ئەمووتەوە لەگەڵیان. ئێستاش برای بە ڕێز مستەفا ساڵح کەریم کە ئەو کاتە بەرێوەبەری قوتابخانەکە بوو، شانازی بەو هەڵوێستەوە ئەکات و زوو زوو بیرم ئەخاتەوە. جا کە سروودێک ئەوەندە بە لامەوە پیرۆزبێت، ئێستا چۆن وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەبین؟ هەزارەها خێرنەدیوی ئەم کوردە بەو سروودەوە بەرەو پەتی قەنارە هەڵئەکشا، هەزارەها پێشمەرگە بەو سروودەوە بەرەو گۆڕەپانی نەبەردی ئەڕۆیشتن و بەرەو بەهەشت ئەچوون، ملیۆنەها دوژمنی کورد بەو سروودە فێیان لێ دێت و کەف ئەچەنن، ئیتر چۆن وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەبین؟

٢٠٠١/ ٦/١٥